دکتور سالح ئیبراهیمی



لە بـانی تەختەکـانەوە چـاو دەگێـڕن ﴿٣٥﴾ ئـاخۆ خوانەناسـەکان پاداشـی کـردەوەی خۆیـان وەرگرتوە؟ ﴿٣٦﴾

## سوورەی ئینشیقاق: تەرەك بردن ٢٥ ئایەتە

**سوورەی ئینشقاق لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٥ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەروەختێ ئاسمان تەرەکی برد و قلّیشا ﴿١﴾ گوێی داوەتە فەرمانی پەروەرێـنەری، شـیاوە کە وا بێ ﴿٢﴾ هەروەختێ زەوی پان ڕاخرا ﴿٣﴾ هەرچی لە دەروونی فڕێدا و هیچی لە نێـودا نەمـا ﴿٤﴾ گوێی داوەتە فەرمانی پەروەرێنەری، شیاوە کە وا بـێ ﴿٥﴾ ئەی مـرۆڤ! تـۆ بە تەقـالا و ڕەنج بەرەو لای پەروەرێنەرت لە حـاڵی ڕۆیشـتنداى، جـا دەچیـە دیـداری ئەو ﴿٦﴾ کەسـێ کە نامەی کردەوەی دراوەتە دەستی ڕاستی ﴿٧﴾ لەوە بەولا پرسیاری کەم و ئاسانی لێ‌دەکرێ ﴿٨﴾ بە شـادی و خۆشی دەگەڕێتەوە نێـو کەس‌وکـاری ﴿٩﴾ بەڵام کەسـێ کە لە لای پشـت سـەریەوە نامەی کردەوەی دراوەتێ ﴿١٠﴾ بە زوویی هاواری لێ هەڵدەسـتێ و ئـارەزووی تیـاچوون دەکـا ﴿١١﴾ (ڕادەکێشرێت) لە نێو ئاگری بەکلّپە و تـوێنەر و دەسـووتێ ﴿١٢﴾ ئەو لە دنیـا لە نێـو خاووخێزانیدا شاد و خۆش بوو ﴿١٣﴾ بێ‌گومان ئەو وای دەزانی کە هەرگیز نـاگەڕێتەوە ﴿١٤﴾ بەڵێ، بەڕاستی پەروەرێنەری بەو بینا بـووە ﴿١٥﴾ سـوێند بە سـوورایی دەوری ئاسـۆ: شـەفەق ﴿١٦﴾ سوێند بە شەو و بە هەرچی کە کۆی دەکـاتەوە و دایئەپۆشـێ ﴿١٧﴾ سـوێند بە مـانـگ، کاتێ دەبێتە چاردە و پڕ دەبێ ﴿١٨﴾ کە ئێوە بە دایمی لە حاڵێکەوە دەچنە حاڵێ ترەوە ﴿١٩﴾ جا چییانە کە وا بڕوا ناهێنن ﴿٢٠﴾ هەرکاتێ کە قورئانیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە، کڕنۆش و سوژدە نابەن ﴿٢١﴾ بەڵکوو ئەوانەی کە کافر بوون (هەمیشە نیشانەکانی خوا) بە درۆ دادەنێن ﴿٢٢﴾ خـوا بەوەی کە لە دڵ و دەروونـدا دەیشـارنەوە ئاگـا و زانـاترە ﴿٢٣﴾ جـا بە عەزابـی دەرداوی مزگێنییان بدەرێ ﴿٢٤﴾ مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کـاری چاکیـان ئەنجـام داوە کە بۆ ئەوان پاداشی بێ‌پایان هەیە ﴿٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi